## کراسی بووک بە ستایلی جلی کوردی

مۆدەکانی جلوبەرگی کوردی چ جیاوازیەکیان نییە لەگەڵ مۆدەکانی دیکەدا، تەنانەت شێوەیەکی جوان و شایستە لە مۆدەکانی جلوبەرگی کوردی، بە شێوەیەکی رازاوە و کراوە دەردەکەوێ، ئەمەش وادەکات کە لە گشت کاتەکاندا مۆدەکان جۆراوجۆر و شیاو بن، یەکێك لە جلەکان، بریتییە لە جلی خانمانی بووك.

ئەمەش دەبێتە یەکێکە لە مۆدەیەك لە مۆدەکانی جلوبەرگی کوردی بۆ خانمانی بووکان، کە بە ئاڵای کوردستان لەسەر سینگی کراسەکە دانراوە و شێوەیەکی جوان دەبەخشێ. دەکرێ خانمانی کورد سوود لە جوانی ئەو جۆرە کراسە وەربگرن و بۆ ئەوەی لە رۆژی ئاهەنگی بووك بیپۆشن و ببن بە بووکێکی رازاوە و جوان.



## مۆدە تازەکانی ئێکسسواری بازنگ



رازاوەیی ئێکسسوارەکان وادەکات کە شێوەیەکی کراوە و ناسك ببەخشێ لەسەر جەستە و پێستی خانمان، تەنانەت دەبێتە مۆدەیەکی دیاریکراو و رازاوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر شێوازێك جوان و ناسك بێ، ئێکسسوارەکان رێگەی جوانی بەرەو لایەنێکی دیکە دەبەن.

یەکێك لە ئێکسسوارە کراوەکان، بریتییە لە بازنگەکانی دەست، وەك یەکێك لە کەرەستە رازاوە و جوانەکان، جوانییەکی رەها دەبەخشێ و لە نزیکەوە بە جوانییەکی کراوە دەردەکەوێ، شێوەی بازنگەکان بەرەو شێوەی گەورەیی و بە نەخش بوون رێگەی گرتووە و ئەمەش وادەکات لە شێوەیەکی کراوە و ناسکدا دەردەکەوێ و جوانییەکی سەرەنجراکێشی دەبێ.

## تەسریحە جوان و رازاوەک

**ساڵار حەنان دەشتی - تیمارات**

جوانی و رازاوەیی لە تەسریحەکان بە پێ رێگەیەکی کراوە و ناسکدا دەبێ و دەکرێ سوود لە گشت لایەنەکانی دانانی تەسریحە بکەینەوە و بەمەش دەتوانین شێوەیەکی کراوە و رازاوە دروست بکەین، لە رێگەی ئەو لایەنەشدا تەسریحەکان و جوانی دانانی قژەکان، دەبێ بە جوانترین شێواز بێ، رەنگە خانمان دوو دڵ بن لەوەی چ جۆرە تەسریحەیەك هەڵبژێرن، ئەمەش کاتێك شێوازەکان لەگەڵ جوانی و رازاوەیی دانانی قژ دروست دەکات.

ئەو شێوازە تایبەتانە لە تەسریحەی قژ، وادەکات کە لەگەڵ شێوازی ماکیاژیش بگونجێ و تەنانەت شێوەیەکی بە نەخش و رازاوە لەسەر تەسریحەکە دەبێتە یەکێك لە مۆدە جوانەکانی تەسریحەکان، بۆیە دەبێ لە رێگەی شێوە ناسك و رازاوەکان، بە جوانترین شێواز تەسریحەکان بە نەخش و تۆقەی تایبەت برازرێنرێنەوە و ئەمەش وەك ستایلێکی تازە و بەرچاو دەکرێ سوودێکی گەورەی لێوە وەربگرین لە جوانی و دانانی تەسریحەکان.







# مۆدەیەکی نەرم و سادە لە ماکیاژێکی رازاوە

شێوازێك لە مۆدەکانی ماکیاژی نەرم، کە رەنگەکان بە جۆرێك تێکەڵ دەکرێن و هەر یەکە ئەوەی دیکە ون دەکات، ستایلێکی هێمن و ناسك دەردەکەوێ، ماکیاژی لەمجۆرە لەگەڵ هێمنی رەنگی چاوەکان دەگونجێ و شێوەیەکی کراوە دەبەخشێ، دانانی رەنگی لێوەکان لە رەنگێکی ئاڵ و کراوە، دیمەنێکی سەرنجراکێش و کراوە دەبەخشێ، دانانی یەك رەنگی بۆ ژێر چاو و برژانگەکان، وەك شێوەیەکی کراوە و ناسك دەردەکەوێ، ئەمەش وادەکات ببێتە یەکێك لە مۆدەکانی ماکیاژێکی نەرم و سادە، کە خانمان دەتوانن بە سادەترین شێواز ئامادەی بکەن و بە یەکێك لە مۆدەکان دابنرێ. ماکیاژی لەمجۆرە بە رەنگە کراوەکان ئامادە دەکرێ و شێوازێکی کراوە و ناسك لە خۆ دەگرێ.

# چاویلەکان لە نێوان ستایلی کلاسیک و تازەکان



لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما و بەهێزبوونی تیشکی خۆر، دەبێ پارێزگاری لە چاوەکان بکرێ، چارەسەری ئەو لایەنەش لە چاویلکە جوان و سەرنجراکێشەکاندا دەبێ، وەك مۆدەیەکی جوان و رازاوە لە شێوەی چاویلکەکان، دەبێتە مۆدەیەکی تایبەت و کراوە، تەنانەت لە چاوکردنی چاویلکەکان دەبێتە مۆدەیەکی کراوە و رازاوە لە شێوەی ئێکسسوارەکان.

شێوەی چاویلکەکان دەکرێ کراوە و گەورە بێ، بوونی رەنگێکی جوان و ناسك، ئەمەش زیاتر وادەکات کە جوانی و ناسکی لە شێوەکان بە چەندین شێوازی تایبەت و کراوە دەربکەوێ، چاویلکەکان بۆ خانمان لەگەڵ جۆری ستایلەکان دەبێ، دوو ستایلی سەرەکی هەیە بۆ جوانی چاوێلکەکان، یەکێکیان ستایلی تازە و ئەوەی دیکەش ستایلی کلاسیك.

ان بۆ خانمان




بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560 Email: reng@gulan-media.com



# قژی گەنجێکی کورد لە کوردستان

ئامادەکردنی: هێمن گەلالی

ئەگەر چی کارە جوانەکان لە سەرتاپای جیهان ئەنجام دەدرێن و تەنانەت شێوەی مۆدەکانی قژ بە چەندین شێوەی جوان و سەیر کاری لەسەر دەکرێ، ئەمەش وادەکات گەنجانی کورد وەك گەنجانی وڵاتانی دیکە، مۆدە جوان و سەیرەکان بۆ قژیان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی وەك شێوەیەکی جوان و سەیر دەربکەوێ و ببێتە مۆدەیەکی جوان لە قژ.

ئەوەی دەیبینن قژی کوڕە گەنجێکە لە شاری سلێمانی کە بە سەیرترین و جوانترین شێواز و لەسەر خواستی خۆی لەلای سەرتاش کاری ئەو جۆرە قژەی بۆ کردووە، تەنانەت ئەو گەنجە ئامادەنەبوو کە وێنەی روخساری بگرین و بەهۆی ئەوەی تەنیا دەیەوێ قژی دەربکەوێ نەوەك روخساری، شێوەی قژەکە کەلە ناوەڕاستەوە زۆری قژی هێشتۆتەوە و تەنانەت لەلای سەرەوە دوو بازنەی کردووە بە مووەکانی قژی، وەك دەبینن چ مۆدەیەکی سەیر و جوان لە خۆ دەگرێ!

# مریشکێک هێلکە بە کۆ دەکات



هەندێك لە گیانداران دەبنە خاوەن بەهرەیەکی سەیر و سەمەرە، ئەمەش وادەکات کە جیاوازی دەبێ لەگەڵ گشت گیاندارەکانی دیکە، شێوەی لەمجۆرە بە جۆرێك دەردەکەوێ و تەنانەت دەبێتە گیاندارێکی جیاواز و سەیر، چونکە کارێکی وادەکات کە جیاوازی هەبێ لەگەڵ گیاندارەکانی دیکەدا.

ئەو مریشکەی دەیبینن، دەتوانێ ڕێژەیەکی زۆر لە هێلکە بکات، ناویان لەم مریشکە ناوی (ستڕۆنگ) بەهۆی ئەوەی دەتوانێ لە ماوەی (١) کاتژمێردا (٧) هێلکە بکات، خاوەنی ئەو مریشکە لە وڵاتی بەریتانیا دەژی و دەڵێ (خۆزگە ١٠٠ مریشکی لەم جۆرەم هەبووایە و ئێستا دەبووم بە ملیۆنێر)!

# پیاوێکی جەستە لاستیک

ئەوانەی خاوەن جەستەیەکی نەرم و سەیرن، دەتوانن چەندین جووڵە و کاری سەیر ئەنجام بدەن، ئەمەش لە کاتێکدا کە بە جۆرێك دەردەکەون، لەبەرچاوی ئێمەدا، جەستەیان وەك لاستیك دەجولێننەوە و تەنانەت لە هەندێك حاڵەتدا، دەبێتە هۆکارێك بۆ بەزەییمان بۆ جووڵە سەیرەکان.

ئەوەی دەیبینن پیاوێکە لە وڵاتی چین دەژی ناوی (شۆیانگ)ە و تەمەنی (٥٥) ساڵە، لەم تەمەنەی چەندین جووڵەی ئەوەندە سەیر و جوان دەکات، وەك ئەوەی یاریزانێکی جمناستیك یان وەرزشی بێ، سەیری وێنەکان بکەن و قسەیەکی لەسەر بکەن، کە چۆن کاری لەم جۆرە بەو پیاوە بەتەمەنە دەکرێ !



# دوو جمکە برا، دوو جمکە خوشک دەهێنن



کاتێك جمکەکان لە دایك دەبن و دەبن بە دوو هاوشێوەی یەکتر، ئەمەش وادەکات کە شێوەیان بچێتەوە سەر یەك و یان بە جۆرێك نەتوانین جیاکاری نێوانیان بکەین، (فاڵەتەر و ئەندریاش ریمشـــە)ی تەمەن (٢٦) ساڵ، دوو کوڕە گەنجن لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژین، جمکن و شێوەیەیان وەکو یەکە، ئەوەی سەیر بێ، ئەو دوو جمکە، دوو خانمە جمك دەناسن لە وڵاتی روسیا.

دوای ئەوەی دەبن بە خۆشەویستی (سۆفیا و ئانا)ی دوو جمکی تەمەن (٢٣) ساڵ، دواتر بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن و دەبن بە هاوسەر، بەمەش دەبێتە یەکێك لە حاڵەتە ســـەیرەکان کە دوو برای جمك، دوو خوشکی جمك بهێنن، ئەوەی سەیر بێ، دەبێ لە نێوان خۆیان یەکتر بناسنەوە!

# گوێدرێژەکانی ئێمە و ئەوان



گوێدرێژی ئێمە



گوێدرێژی ئەوان

گوێدرێـــژ یـــان ناوێکی دیکەی هەیە کـــە پێدەڵێن (کەر)! یەکێکە لـــە گیاندارە ئارام و لەســـەرخۆکان، تەنانەت خاوەن هێزێکی تەواو و تایبەتە، بـــەڵام تەنیا ئەوە نەبێ لە هەندێ شوێن گرنگی بەو گیاندارە نادرێ و یان تەنیا ئەو کاتە گرنگی پێدەدرێ کە کاریان پێدەبێ، ئەمەش وەك نموونەیەك کە چەندین گوێدرێژ لەسەر شەقام و شوێنە لاچەپەکان دەبینرێن.

بیرمە لە کۆڕەوەکەی ســـاڵی ١٩٩١، پیاوێك ئوتۆمبێلێکی تۆیۆتا (جامبۆ)ی پێشکەشی بە کەســـێك کرد کە گوێدرێژێکی هەبوو، ئەمەش چونکە ئەو شـــوێنە رێگەی ئوتۆمبێلی بۆی نەبوو، تەنیا گوێدرێژ دەیتوانی کەســـێکی نەخۆشی ئەو پیاوە هەڵبگری، کەچی خاوەن گوێدرێژەکـــە رەتی ئەو کارەی کردەوە، کەچی لە وڵاتـــی مالیزیا، گوێدرێژەکان ئەگەرچی کاریان پێناکەن، بەڵام بە جوانترین شێوە دەڕازێنرێنەوە!

# ئەوە منداڵە یان بووکە شووشە!

ئەوانەی جەستەیان تووشی کارەساتێك یان نەخۆشـــییەك دەبـــێ، بەهۆی هەر هۆکارێکـــەوە، وادەکات کە شـــێوەیەکی سەیر و سەرنجڕاکێش دروست دەکات، یان وەك حاڵەتێکی وا دەردەکەوێ کە جێگەی سەمەرەی گشت کەســـێك بێ، ئەگەر ســـەیرێکی ئەو وێنەیە بکەن دوو منداڵ دەبینن، تەنانەت یەکێـــك لە منداڵەکان وەك بووکە شووشەیەك دەردەکەوێت.

ئەمەش یەکێکە لە منداڵە سەیرەکان، کە جەستەی گەشـــە ناکات و وەستاوە، یان بە هێواشی گەشە دەکات، شاۆلۆت گارساید ئەو منداڵەیە لە وڵاتی بەریتانیا دەژی و تەمەنـــی دوو ســـاڵە، کەچی کێشی دەگاتە (٣) کیلۆگرام، هەروەها درێژی دەگاتە (٥٥) سەنتیمەتر.





# مەیموونێک یاریزانی تایکۆاندۆیە



گیانـداران دەكـرێ فێـری چەندین لایەنەكانی مرۆڤ بن، یان ئەو كارانەی كـە مـرۆڤ ئەنجامـی دەدەن، وەك یاریكردن، ڕاهێنان، وەرزش، ئەوەی سەیرە یەكێـك لە گیاندارە سـەیرەكان، دەتوانێ لاسـایی مرۆڤ بكاتەوە، ئەویش بریتییە لە گیانـداری مەیموون، ماوەیەك بەر لە ئێستا چەند مەیموونێكمان بۆ خستنەڕوو كە یـاری بۆكسـێنیان دەكـرد، بەڵام ئەمجارەیـان مەیموونێكی دیكە دەیەوێ خۆی فێـری یاری تایكواندۆ بكات، وەكو لە وێنەكانـدا دەبینن چۆن لەگەڵ ڕاهێنەرەكـەی كاری تایكواندۆ دەكات و ئەمەش وادەكات پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیانداران بەهێزتر بێ.



# قژێک گەیشتە (٣) مەتر



ماوەیـەك بەر لە ئێسـتا باسمان لەو خانمە كرد كە لە وڵاتـی كۆریا دەژی و خـاوەن درێژترین قـژە، كـە لە پێشـوودا درێـژی قـژی نزیكەی دوو مەتر و نیو بوو، كەچی وادیارە بۆ ماوەی (٦) مانـگ، درێـژی قـژی بۆ نیـو مەترێك زیادی كـردووە، ئەو كچـە ناوی (كیهیۆنگ)ـە و تەمەنی نزیكەی (٢٨) ساڵ دەبێ. وەكـو دەبینن چۆن لە شوێنەكی بـەرز وەسـتاوە و قژی شانە دەكات، چونكە لە شوێنێ نزم ناتوانێ كاری لەم جـۆرە ئەنجام بـدات، درێـژی قژی ئـەو خانمە لە ئێستادا دەگاتە (٣)مەتری تەواو، واتـە ئەوەنـدە و نیـوی بـاڵای خۆی.

## نوكـــــتە

☺ - كابرایەكی زۆر ڕەزیل ڕۆژێک پێ ئەنێت بـە جەرگی خۆیـدا و تەلەفۆنێک ئەكات بۆ مۆبایلی هاوڕێیەكی. ئەوەندە نابەدڵ تەلەفۆنەكە دەكات ژمارەیەكی هەڵە لێ ئەدات و كابرایەک وەڵام ئەداتە و ئەمیش پێی ئەڵێ:
«جەنابت كاک عوسمانیت؟»
ئەویش ئەڵێ:«نەخێر.»
كابرای ڕەزیلیش ئەڵێ:
«ئەی باشە ئەو نیت بۆ وەڵام ئەدەیتەوە !!!

## وێنەی سەیر



ئەمـە یەكێكە لە وێنە سـەیرەكان، كە ...ەكرێ بەم شێوەیە سەیری بكەی، وێنەی ...باوێكی توڕەتان بـۆ دەربچێ و ئەگەر ...گۆڤارەكەی ژێر دەستت سەراوژێر بكەیت و ئەوە وێنەكە دەگـۆڕێ بۆ وێنەیەكی دیكە كـە دەبێتە هەمان پیـاو بەڵام بە پێكەنین!



**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

باری دارایـیـت بەشـێوەیەكی خێرا باش دەبێت. هەندێك كاتـی خۆت تەرخان بكە بـۆ ئەنجامدانـی ئەو پڕۆژانـەی دوات خستوون. چاوەڕوان بە ئەم هەفتەیە هەواڵێكی خۆشت پێ دەگات.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

كەسـانێك هـەن دەیانەوێـت هەمـوو وردەكاریەكانی ژیانـت بزانن تۆش نازانی مەبەسـتیان چییە. پێویسـتە سـەردانی كەسـە نزیكەكانت بكەیت و پەیوەندیەكانت زیاتر بەهێز بكەی.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

سـەیری ڕابردووی بكە و بەراوردی بكە لەگـەڵ ئێسـتا ئـەو كات دەبینیت زۆر گۆڕانكاریت بەسەر هاتووە و ئێستا زۆر جیاوازتری، وا باشترە هەمان ڕێچكەی ڕابردوو بگریتە بەر بەتایبەتی لەهەندێ بواری دیاریكراودا.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

چاوت بە كەسـێك دەكەوێت كـە دەمێكە ئاواتەخوازی ئـەوەی بیبینـی و كاتێكی خـۆش بەسـەر دەبەن، نهێنیەكانـت لای هەموو كەس بـاس مەكە بەتایبەتی ئەوانـەی لێیان دڵنیـا نیت لەبەر ئـەوەی لەوكاتـەدا بەپێچەوانەی خواستەكانت دەبێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

زۆر هەوڵ ئەدەی تاكو نهێنی دڵت باس بكەی لای كەسی بەرامبەر بەڵام هەموو جارێك بەربەستێك دێتە پێش و قسـەكە هەر لەناو دڵـت ئەمێنێتەوە، دەكرێ بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ڕازی دڵت لای بەرامبەرت بدركێنی.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئێستا كاتەكان زۆر بەخێرایی تێپەڕ ئەبن و بواری ئەوەت نییە بـە ئارەزووی خۆت كارەكانت ئەنجام بدەی، ئەمە ماوەیەكی كـەم دەخایەنێت و دوای چەند ڕۆژێكی دیكە باری ئاسایی خۆی وەردەگرێتەوە.

ئامادەكردنی:داریۆ





## ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە.
٢- دوو پیتی یەن- یاریزانێکی یانەی چێلسی یە(پ)- تەنیشت.
٣- وڵاتێکی ئەفریقیە- تیل(ت)- شارێکی کۆنی عێراقە.
٤- وان(ت)نیوەی ماسی.
٥- سێ پیتی جیاواز- وەکو یەك- جێب(ت).
٦- خەڵك بە عەرەبی(ب)- رواندا(ت).
٧- ئالا(ت) — وەکو یەك- سێ پیتی زەینەل.
٨- زمانێکی ئەوروپییە- دوو پیتی ئاراس.
٩- دوو پیتی فیر- خواردنی ئاژەڵە(پ).
١٠- کچە گۆرانبێژێکی فارسە- ژمارە یەکە.
١١- توخمێکی کیمیاوی یە(پ)- روخا(پ)- وڵاتێکی عەرەبیە.
١٢- چیایەکی کوردستانە- سەرۆکی فەرەنسا.

## ستوونی:


١- گۆرانیبژێکی کوردی کۆچ کردووە خاوەن وێنەی دووەم.
٢- کچە گۆرانی بێژێکی کوردە- ژمارە یەکە.
٣- کچە گۆرانی بێژێکی تورکە(پ)- عەشیرەت.
٤- ئامێرێکی مۆسیقایە- پەنجە(پ)- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە(پ)ز
٥- دوو پیتی جیاواز- یاد(ت).
٦- گەڵ(ت)- زیندەوەرێکە- پێویستییەکی جوتیارە.
٧- کەناڵێکی ئاسمانی عەرەبییە.
٨- یاریگایەکە لە ئیتالیا(پ)- وەکو یەك.
٩- ژمارە یەکە(ب).
١٠- نەخۆشییەکی کوشندەیە- نیوەی یوسف.
١١- بۆ- سەرۆکێکی ئەمریکی بوو.
١٢- سەرۆکی وەزیرانی ئیتاڵییە.

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە ڕێگەی دانانی هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..

**ئاسانکاری**


- بازنەکانی (١+٢+٣) بە مانای کەسێك رووخساری گرژ و ناخۆش بێ.
- بازنەکانی (٤+٢+١) دەکاتە ئەنجامی (هۆزێکن بە دەرۆزە کردن بەناوبانگن)...
- بازنەکانی (٤+٦+٧) شارێکە لە وڵاتی فەڕەنسا.
- بازنەکانی (٣+٢) ئەو ژمارەیەی جارانی خۆی بکەیت، دەکات بە (٨١).

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (چۆمان) بوو




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەوانەیە زۆربەی شتەکان لەم هەفتەیەدا بە پێچەوانەی ویست و حەزی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە بن بۆیە ئارامگرتن و خۆپاراستن لەتوڕەبوون باشترین ڕێگان بۆ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی نێگەتیڤ درووست نەبێت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئێستا کاتی ئەوەیە بەشێوەیەکی تر سەیری ژیانی تایبەتی خۆت بکەیت و هەندێك کەس پێیان سەیرە کە بە هەمان شێوەی جاران هەڵسوکەوت دەکەی، گۆڕانکاری بە ئامانجی باشتربوون کارێکی زۆر گرنگە بەتایبەتی لەم کاتەدا.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتێك کەسێك باست دەکات و کارەکانت بەرز دەنرخێنێت ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر هەموو شتێك لەشوێنی خۆی دایە و پێویستت بە هەوڵدان نییە، نەخێر دەبێت زیاتر لەجاران خۆت ماندوو بکەی.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

متمانەت بەخۆت هەبێت لەبەرئەوەی ئەو گرفتەی واهەست ئەکەی زۆر گەورەیە و چارەسەری گرانە ئەوا بەو شێوەیە نییە و چارەسەرکردنی ئاسانە. خۆت دوور بگرە لە ناکۆکی و بە دڵێکی فراوانەوە رەخنەی هاورێیان و خۆشەویستانت وەربگرە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەم هەفتەیە بەهۆی سەرقاڵ بوونت بەکاری تایبەتی خۆت کەمتر ئاگات لەدەوروبەرت دەبێت،. خەڵك تۆیان خۆشدەوێت و بە کەسێکی خوێنشیرین ناسراویت بەردەوام بە لەسەرنجراکێشانی دەوروبەر تاکو وێنەت هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زۆر کەس هێشتا ئاواتەخوازی ئەوەن بەو خەونانە بگەن کە ئێستا تۆ تێیدای و بەشێوەی پێویست هەست ناکرێت دڵخۆش بیت، ئێستا قۆناغێکی زێڕینی ژیانتە چێژی لێ وەربگرە کاتە خۆشەکان زۆر دووبارە نابنەوە.

hemntoni@yahoo.com

# گەورەترین پایسکلی ٢٠١٠

ئەوەی دەیبینن بریتییە لە گەورترین کەرەستەکان، کە دروستکراوە بە مەبەستی کاری سەیر و تایبەت، تەنانەت دروستکردنی کەرەستەی لەمجۆرە دەبێتە سەر ئێشە بۆ ئەوەی چۆن بگوازرێتەوە یان کاری پێبکرێ، لێرەدا دەکرێ سوودی ئەمجۆرە کەرەستانە تەنیا بۆ جوانی و رازوەیی بێ، وەکو ئەو پایسکلیەی دەیبینن کە چۆن بەم شێوەیە دروستکراوە.

درێژی ئەو پایسکیلە دەگاتە (٥) مەتر و هەروەها بەرزایی نزیکەی (٤) مەتر، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە گەورەترین و سەیرترین پایسکلەکان کە لە جیهاندا هەبێ.




# مرۆڤ دەتوانێ خۆی ون بکات!





ئەوانەی خاوەن بیرۆکە و کارە سەیرەکانن، دەتوانن لە بیرۆکەی بچووك کاری وابکەن کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك بێ، ئەمەش وادەکات دەبێتە یەکێك لە بیرۆکە سەیرەکان، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەو کارانەوە، شیاوی سەرسوڕمانی گشت لایەنێك بێ و بە تایبەت لە لایەنی تایبەتمەندی و سەیر بووندا.

ئەو وێنەگرەی دەیبینن لە وڵاتی چین دەژی، بەهۆی بیرۆکەیەك کە چۆن خۆی ون بکات، توانی رەنگەکان تێکەڵ بکات و ببێتە یەکێك لەو مرۆڤانەی لە ماوەیەکی دوورەوە دەتوانێ خۆی ون بکات. وەکو لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن خۆی لەگەڵ رەنگ و شێوەی دیوار کردۆتە یەك

# ئەوانە پیاون یان ئافرەتن

ئەگەر لە دوورەوە سەیرێکی ئەو وێنەیە بکەین، دەبینن کۆمەڵە کچێك لەلای خانمە بووکێك وەستاون، کەچی ئەگەر لە نزیکەوە سەیریان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا خانمی بووك ئافرەتە و ئەوانەی دیکەش پیاون، ئەو حاڵەتە وەك نەریتێکی سەیر و جوان، لەلای (نەمسا)یەکان هەیە، کە گەنجەکان لە رۆژی ئاهەنگی هاورێیەکی کچیان، خۆیان دەکەن بە کچ و بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە هاورێکەیان بکەن لە رۆژی ئاهەنگی بووکینی.

سەیری ئەو وێنەیە لەوەدایە کە بە جلێکی رووت و سەیر دەرکەون، تەنانەت وەك شێوەی پیاوەکان وەك ئافرەت دەرکەوتوون!



# گۆشتی جورج لە گۆشتی بەرخ چاکترە





خواردنە سەیرەکان بە چەندین شێوەی تایبەت و هەر یەکە بەپێ شێوازێکی تایبەت بە خۆی ئامادەی دەکات، بەهۆی زۆری ئەو خەڵك و نەتەوانەی لە جیهاندا دەژین، ئەوەی دەیبینن لە وڵاتی ڤێتنامە، کە چۆن سەیرترین و قیزەوەنترین گیاندار سوور دەکەننەوە و دەیخۆن، تەنانەت گاڵتەش بە خواردنی ئێمە دەکەن.

وەکو ئەو ئافرەتە دەڵێ: خواردنی جورج یەکێکە لە خواردنە بەسوود و بەتامەکان، سەیرم بەو کەسانە دێ کە گۆشتی گا و بەرخ دەخۆن، چونکە ئەو جۆرە گیاندارانە تەنیا گژو گیا دەخۆن، کەچی جورج گشت جۆرە خواردنێك دەخوات.

# سەیرترین خەوتن !

ئەوانەی خاوەن بەهرە و کاری سەیرن، دەتوانن بە جۆرێك نمایشی تایبەت ئەنجام بدەن و کاری ئەوانەش دەبێتە یەکێك لە کارە سەیرەکان، کە لە ڕێگەی بەهرە سەیرەکانیان، دەتوانن نمایشێکی تایبەت ئەنجام بدەن، ئەوەی دەیبینن گەنجێکە لە وڵاتی ژاپۆن دەژی، دەتوانێ لەسەر قاچەکانی بخەوێ و بەبێ ئەوەی بکەوێ، وەك ئەوەی لەسەر کورسی یان لەسەر شتێك درێژبووە، ئەمەش بە جۆرێك دەبێتە یەکێك لە بەهرەکان کە لەگەڵ ئەو کارەیدا، دەتوانێ قاچەکانی بۆ زۆر کاری دیکە بەکاربهێنێ و تەنانەت وابکات لە ڕێگەی قاچەکانی نمایش ئەنجام بدات.

